# فلاش میمۆرییەک دڵنیایی تەواو لە پاراستنی داتاکان دەدات




یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی لە سەختە ئامرازدا هەڵگرتنی داتاکانە کە دڵنیایی تەواوت لێیان هەبێ نە تێك دەچن نە کەس دزەیان پێدەکات.. فلاش میمۆری و هارد بۆ هەڵگرتنی داتاکان زۆر گونجاون و بە ئاسانی هەڵدەگیرێن، بەڵام ئەگەری تێکچوونیان هەیە و لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە بە ئاسانی دەتوانرێت کەسانی دیکە دەستیان بە داتاکانی ناویان رابگات..

ئەگەر زۆربەی داتا گرنگەکانت لەسەر فلاش میمۆرییەك هەڵگرتبێ و ئەویش دزرابێ یان ون ببێت، کێشەیەکی گەورە دروست دەبێت، کۆمپانیای APRICORN لەم دواییەدا جۆرێك لە فلاش میمۆری بەرهەم هێناوە کە بە فلاش میمۆری Aegis secure key ناسراوە، قەبارەی هەڵگرتن لەو فلاش میمۆری جیاوازە. لە ٨ گێگابایتی را هەتا ٤٨٠ گێگابایتیان هەیە.. فلاش میمۆرییەکە کۆدی نهێنی هەیە بۆ راگرتن و هەڵگرتنی داتاکان، ئەگەر هاتوو دزراش کەسێك بە هەڵە کۆدە نهێنییەکە بەکار بێنێ ئەوە ئۆتۆماتیکی داتاکانی ناوەوەی دەسڕێنەوە. دیارە پێشووتریش فلاش میمۆری لەم شێوەیەمان ناساندبوو، بەڵام ئەمەیان نوێترین فلاش میمۆرییە کە بە دڵنیاییەوە دەتوانی داتاکانی لەناوی دا خەزن بکەی..

# کۆنترۆڵ کردنی گشت ئامێرەکان لە ڕێگای دوورەوە



ئامێرە کارەباییەکان لە ماڵەوە گەلێکن، هەروا دێت و زیاتریش دەبن بەراست کۆنترۆڵ کردنی گشت ئەوانە کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، بۆ نموونە چوویتە سەفەر و نازانی سپلیتەکەت کوژاندۆتەوە یان نا، تەلەڤزیۆن کار دەکات یان نا؟ یا گلۆپەکانی ژووری نووستن یا نانخواردن کوژاونەتەوە یان نا، بەتایبەتی بۆ ئەو هەرێمەی ئێمەش کە چەند جۆر کارەبا هەیە.. لەکاتێکی وادا (kasia) باشترین یارمەتیدەرە، ئەو لە دڵەراوکێ دەرتان دێنێ، کاسیا خزمەتگوزارییەکی ڕێکخستنی کارەبایی هۆشمەندە و هابێکی هەیە کە بە ئینتەرنێت بەستراوەتەوە، هەروەها چەندین پلاکی لەگەڵە کە بە دانانیان لەسەر ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە کارەکان ئاسانتر دەبێت.. ئەوکات گەشت دەکەی لە ڕێگای دوورەوە بەهۆی کاسیاوە دەزانی چ گلۆپێك دایسێ و چ ئامێرێك کار دەکات یان کوژاوەتەوە.. دەتوانی هەر لە ڕێگای دوورەوەش فەرمان بە کوژانەوە و هەڵکردنیان بدەی..



# کۆمپیوتەرێکی سەرمێز دەبێتە تەبلێت



کۆمپیوتـەری جـۆری هایبرێـد کە زۆر لەمێژ نییە بوونەتە بـاو، واتە ئەو کۆمپیوتەری دەبێتە لاپتـۆپ و تەبلێت...هەرچەنـدە تاکـو ئێسـتا کۆمپیوتـەرە هایبرێـدەکان دەبوونە لاپتۆپ یان تەبلێت، بەڵام کۆمپانیای MSI جۆرێك لە کۆمپیوتەری بەرهەم هێناوە کە بە کۆمپیوتەری جۆری Pro 16 flex ناسراوە، کۆمپیوتەری ناوبراو دەبێتە کۆمپیوتەری سەرمێز و تەبلێتێکی مەزنیش.. کۆمپیوتەرەکە لەمسـیە و توانای هەیە لەیەك کاتدا بە دە پەنجە کاری لەسـەر بکەی. کۆمپیوتەرەکە سیستەمی ویندۆز١٠ی لەسەرە.

رامـی کۆمپیوتـەری ئامـاژە بۆکـراو ٤ گیگابایتـە، هارددیسـکەکەی ٥٠٠ گیگابایتـە. هەمـوو تایبەتمەندییەکانـی دیکـەش وەك USB3 و wi-fi و بلوتـوس و لـە کۆمپیوتەرەکـەدا هەن و هەرچەندە کۆمپیوتەرەکانی سـەر مێز بە رۆیشـتنی کارەبا دەکوژێنەوە بەڵام کۆمپیوتەرە دیسکتۆپەکە دەتوانێت هەتا کاتژمێرێك کارەبا لە خۆیدا رابگرێت..

# ئینجانە و گوڵدانی دیجیتالی

گەر جیهان بەرەو دیجیتالی بڕوات، هیچ سەیر نییە کە گوڵدان و ئینجانەش ببێتـە دیجیتالـی، گـەر حـەزت لەوەیـە لە ماڵەوە یان لە شـوێنی کارت گـوڵ و گیای جوان بچێنی، رەنگە گرفتی زۆرت بۆ بێتە پێش بەتایبەتی ئەو کاتـەی دەچی بۆ گـەشت و گـەڕان و دوور دەکەویەوە لەماڵەوە. یان بەهەر هۆکارێك بێت ئاگات لە گوڵەکانت نامێنیٚ..

ئامێری plant sitter لەکاتێکی وادا دەتوانی یارمەتیدەرتان بێت. ئەم ئامێرە لەناو خاکی ئینجانەکە دادەنرێت، بەهۆیەو دەتوانیت رێژەی رووناکی، پلەی گەرمی، شیٚ و مادەی خۆراکی بۆ پەروەردە کردنی گوڵ بزانێـت و زانیارییـەکان بـۆ مۆبایلێکی هۆشـمەند بەڕیٚ بکات و لـە رێگای ئەپلکەیشـنێکی تایبەتەوە بـە وردی ئاگاداری گوڵ و باخچـەی ماڵـەوە بـی. ئامێرەکـە دەتوانێت هەتـا دوو مانگ زانیاری لەخۆیـدا کـۆ بکاتەوە.





# هاردێکی تایبەت بۆ ڕێکخستن و هەڵگرتنی وێنە

لەو کاتەوە کامێرای دیجیتالی بەربڵاوە، هیچ شتێك لە گرتنی وێنە ئاسانتر نییە، بەڵام کێشەیەك سەر هەڵدەدات ئەویش جار هەیە لە ڕۆژێکدا یان لە هەفتەیەکدا سەدان و هەزاران وێنە دەگری، یا کامێرایەك هەیە کە گشت ئەندامانی ماڵەوە سوودی لێوەردەگرن و هەرکام وێنە دەگرن.. کۆکردنەوە هەموو وێنەکان و ریزبەندی کردنیان دژوارە.. بەڵام تۆ بڵێی لە جیهانی ئەمڕۆدا هیچ شتێك بە دژواری بمێنێتەوە.. نەخێر چونکە ئامێری (monument) کە وەك هاردێکی داکردن و هەڵگرتنی وێنەکانە بە ئاسانی وێنەکان بەشێوەی ئۆتۆماتیك دەستبەندی دەکات.. هەر ئەوەندە بەسە کە وێنەکانی سەر کامێرا یان مۆبایلەکە لە ڕێگای میمۆرییەوە یان بە شێوەی وای-فای بدەی بە مۆنۆمێنت. ئەویش بە شێوەی ئۆتۆماتیکی بەپێی شوێن و جوگرافیا، کات، روخسار و سیماکان، دیمەنەکان دەستبەندی دەکات.. لەکاتێکی وادا پێویست ناکات ماوەیەکی زۆر بە دوای وێنەیەکدا بگەڕێی هەر ئەوەندە بەسە کە بزانی وێنەکە چ کەسێك یان دیمەنێکی تێدابوو بە ئاسانی دەیدۆزیەوە.



# خەمخۆری دانەکانتان



زۆر کەس هەر لە ژیاندا فلچەیان لە ددان نەداوە و زۆربەی خەڵکیش هەموو شتێك لەبیر بکەن ددان شوردن لەبیر ناکەن.. ئەگەر تۆ کەسێکی لەبیرت دەچێتەوە ددانەکان کەی بشۆی. ئەوە ستاندنی دانانی فلّچە کە بە bobble ناسراوە بەکار بێنە. ئەو ئامێرە هۆشمەندە و ئەو زانیارییە بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکەت بەرێ دەکات کە چ کاتێك ددانت نەشوردووە.

هەر بەوەندەش ناوەستێ، بەڵکو ئەگەر ماوەی شوردنی ددانەکانت کەم بێت، واتە کەمتر لە دوو خولەك ئەوە ئاگادارت دەکاتەوە کە هێشتا ماوتە دددانەکانت بشۆی.. گشت ئەو زانیارییانەش لە ڕێگای بلوتوسەوە بۆ مۆبایلەکەت بەرێ دەکات.

# هەر جارە وەڵامی پرسیارێک



بەڕێزێك دەپرسێت راستە دەڵێن ویندۆز١٠ پشتیوانی زمانی کوردی بەشی سۆرانی دەکات ئەگەر ویندۆزەکەم بکەم بە کوردی چ کێشەیەك دروست دەبێت؟ خوێنەری بەڕێز، بەڵێ پێشووتریش لەم بارەوە هەواڵمان بڵاوکردۆتەوە، بەڵێ مایکرۆسۆفت بەستەرەی تایبەت بە زمانی کوردی بۆ ویندۆز١٠ هەیە دیارە پێشووتر لە ویندۆز٨یشدا هەوڵێك هەبوو، ئێستا تەواو بووە، سەبارەت بە ئایا چ کێشەیەك دەبێت، هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لە کارو ئەرك وفەرمانەکاندا نایەتە پێش، بەڵام هەتا بەکارهێنەر فێری زمانەکەی خۆی دەبێت کاتی دەوێت، چونکە پێشووتر بە زمانی عەرەبی یا ئینگلیزی بووە، بۆیە هەتا بە زمانی زگماکی خۆی لەگەڵی رادێت و ناوی فەرمانەکان فێر دەبێت کاتی دەوێت ئەگینا وەکو تر کێشەیەك نییە..

# چێشتلێنەرە دیجیتالییەکان پەرە دەستێنن

ئافرەتان و خانمانی ماڵەوە نابێ چیدی گلەیی لە ئەرکی سەختی ڕۆژانەیان بکەن، چونکە زۆربەیان ماشێن رایدەپەڕێنن وەك: جلشۆر، قاپشۆر، گەسکی کارەبا، ئەوە لەم دوایانەشدا چێشتلێنەری دیجیتالیش بەرهەم هاتوون کە هەر لەم فایلەدا چەند جارێك هەواڵمان لەسەر بڵاوکردۆتەوە..

کۆمپانیای (شیائۆمی) چێشتلێنەرێکی دیجیتالی بەناوی Mi Induction Heating Pressure Rice Cooker کە لە ڕێگای مۆبایلەوە پرۆگرامی پێدەدرێ.. ئیدی کابانی ماڵەوە تەنیا ئەرکی ئەوەیە سەیری پرۆگرامی مۆبایلەکەی بکا و فەرمانەکانی بە چێشتلێنەرەکە بسپێرێ.. چێشت لێنەرەکە تەنیا برنج لێدنێت و شۆربا و دۆڵمە ساز ناکات.. بەڵام خواردنی برنج بە ٢٠٠ جۆر لێدەنێ ئەوەیان قسەی کۆمپانیاکەیە و ئەپلکەیشنەکەی سەر مۆبایلە، لە کوردەواریدا تەنیا دوو سێ جۆر چێشتی برنجمان دیوە!

# پرۆگرامێک تایبەت به کۆنترۆڵ کردنی کۆمپیوتەر لە ڕێگای دوورەوە

پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن تایبەتن بە کۆنترۆڵ کردنی سیستەمی کۆمپیوتەر لە ڕێگای دوورەوە، واتە بۆ ئەو مەبەستە داندراون کە بەکارهێنەر بیهەوێ لە ڕێگایەکی زۆر دوور لە کۆمپیوتەرەکە کۆنترۆڵی بکات و یان یەکێکی دیکە شارەزا کێشەکانی کۆمپیوتەر لە ڕێگای دوورەوە باش بکاتەوە..

پرۆگرامی remote desktop ناسراوترینیانە و هەروەها پرۆگرامی team viewer لە باشترینەکانیان..

یەکێکی دیکە لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی RealVNCیە. گرنگی پرۆگرامەکە لەوەدایە کە لەسەر زۆربەی سیستەمەکان دادەبەزێندرێ. هەروەها ئەگەر خێرایی ئینتەرنێت لە خوارێش بێ دیسان دەکرێت سوودی لێوەربگیردرێ.

دەکرێت گشت فەرمانەکان هەم لەسەر سیستەمی مەبەست وەرگر و بەرێکەر ئەنجام بدرێت. دەکرێت کۆدی نهێنی بۆ بەرگری کردن لە پاراستنی زانیاری دابندرێت. هەروەها دەکرێت لە نێوان دوو کۆمپیوتەر چات بکرێت..




# سایتێک وێنەکانی ئینیستاگرام بە کۆ دادەبەزێنێ



ئینستاگرام یەکێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان و تایبەتە بە مۆبایل و تەبلێت... ئەم سایتە بەشێکی گرنگی تایبەتە بە دانانی وێنە.. جگە لەوانە چونکە دەکرێت پرۆگرامی کێبەڕکێ بە شێوەی راستەوخۆ بۆ دابندرێت.. خاڵی نەرێنی ئینیستاگرام ئەوەیە کە فەرمانی دابەزاندنی وێنەکانی نییە و تەنانەت ئەگەر داونلۆدیش بکرێن بە شێوەی تاك تاك دەبن. بەڵام بەهۆی سایتی instaport.me دەتوانی گشت وێنەکان دابەزێنی.. پاش ئەوەی زانیاری ئەکاونتی خۆت لە سایتەکەدا پڕ کردەوە فەرمانی تایبەت بە داونلۆد کردن نیشان دەدرێت..